



حەمەسەعید حەسەن

# کتێبێکی
# بە خوێن نووسراو

چۆن بەعس و مەلای توندڕۆ عەبدولخالیق مەعرووفیان کردە قوربانی؟

لە سلێمانی، لە 23ی 12ی 1923دا، جەمال عیرفان لەسەر فیکر تیرۆر دەکرێت، شەستودوو ساڵ دواتر، عەبدولخالیق مەعرووف لە هەولێر، لە 10ی ئەپریلی 1985دا لەسەر کتێبی: (ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا)، بە هەمان چارەنووس دەگات. لە نیوەی دووەمی ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەمدا، لە سلێمانی، (ڕەئووف زوهدی و عومەر تۆفیق)یش تیرۆر دەکرێن، یەکەمیان لەسەر کتێبی: (بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە) و دووەمیان لەسەر نامیلکەی: منداڵنەبوون بەبێ حەب. تەنانەت نووسینی کوردی بە حەرفی لاتینی، لای بەعس، (دەکەوێتە خانەی دژایەتیکردنی حەرفی عەرەبییەوە و دڵشاد مەریوانیی لەسەر دەکوژرێت.)[1]. (کەریم زەند)یش چونکە (ئینجیل)ی کردبوو بە کوردی، هەوڵی کوشتنی دەدرێت و بە سەختی بریندار دەکرێت.

جاران زانایانی وەکوو حەلاج، قورتوبی و سەهرەوەردی تیرۆر دەکران، لەم سەردەمەیشدا، حوسەین مەروە، مەهدی ئەلعامیل، فەرەج فۆدە و فەرهاد فەرەج دەکوژرێن و نەجیب مەحفووز، عەزیز نەسین، سەلمان ڕوشدی و تەسلیمە نەسرین فەتوا و هەوڵی کوشتنیان دەدرێت. عەلی عەبدولڕەززاق و جەلال سادق ئەلعەزم بە دادگا دەدرێن، عەلاء حامید زیندانی دەکرێت و نەسر حامید ئەبوو زەید ناچار دەبێت، زێدی خۆی بەجێ بهێڵێت.

لە سەرەتای 1985دا، عەبدولخالیق مەعرووف، کتێبی: (ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەواریدا)[2] بڵاو دەکاتەوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا، (ئەمن) کە بەدناوترین دەزگای سەرکوتکەری بەعس بوو، کلک لەگەڵ کۆمەڵێک مەلای توندڕۆدا گرێ دەدات و هەر چییان بۆ زراندنی ناوی نووسەرەکەی پێ دەکرێت، درێغی ناکەن و سەرەتا فەرمانی لەنێوبردنی کتێبەکە دەر دەکەن و دواتر نووسەرەکەی دەکوژن. (ئەوی کتێب بسووتێنێت، ئینسانیش دەسووتێنێت.) بەعس و مەلای توندڕۆ، ڕاستیی ئەو گوتەیەی شاعیری ئەڵمانیایی، (هەینریش هاینە)یان سەلماند. پەنابردنە بەر تیرۆر، ڕەنگدانەوەی لاوازی و ترسنۆکییە، هەرگیز هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت نووسەرێکی ڕاستەقینە بسڕێتەوە، بڵند حەیدەری گوتەنی: (گوللەیەک ناتوانێت، کۆتایی بە ژیانی نووسەرێک بهێنێت کە داهێنانی بووبێت بە بەشێک لە ژیانی کەسانی دیکە.) عەبدولخالیق مەعرووف چاوەڕێی ئەوەی دەکرد، پێستی بکەن بە چەکمە و (کاسەی سەریشی بە تەپڵەکی سیگار،)[3] بەڵام ئەوەی بە ملکەچی دەزانی، بێدەنگ بێت و لێ بگەڕێت بەعسی فاشیست و مەلای بیربەردین، وێنەی ئێستا و داهاتووی وەڵاتەکەی بکێشن.

عەبدولخالیق مەعرووف دەیزانی گەلانی ئەورووپا، لە ئەنجامی خەباتێکی درێژخایەنەوە، لە دەسەڵاتی کەنیسە ڕزگاریان بووە، دەیزانی ئەورووپا بە کۆششێکی دژوار، کۆمەڵێک دەستکەوتی مەزنی بە دەست هێناوە، وەک: ئازادکردنی گەردنی سیاسەت لە کۆتی ئایین، بەرهەمهێنانی عەقڵێکی ڕەخنەگرانە

کە پێی وایە هیچ شتێک لەسەروو ڕەخنەوە نییە، ئازادیی بیروڕا دەربڕین و ئازادیی ویژدان. عەبدولخالیق مەعرووفیش چرای هەمان خەباتی لە کوردستان هەڵکرد و بۆیە تیرۆر کرا، چونکە ڕۆشنبیرێکی مەزن و شۆڕشگێرێکی ڕاستەقینە بوو، ئەگەر بێدینێکی ساکار و نووسەرێکی ڕووکەش بووایە، لێی نەدەتۆقین و نەیاندەکوشت.

عەبدولخالیق مەعرووف شارەزای لاپەڕە خوێناوییەکانی مێژوو بوو، دەیزانی بەشداری کوڕی بورد، بە تۆمەتی زەندیقبوون، لەژێر قامچیدا گیانی لە دەست داوە، دەیزانی (کەعبی کوڕی ئەشرەف) بە تۆمەتی لاقرتێکردن بە ڕەمزی پیرۆز، سەری لە لەشی جوێ کراوەتەوە، دەیزانی دەشێت ئەویش هەمان چارەنووسی ئەوانی هەبێت. عەبدولخالیق مەعرووف لە کتێبەکەیدا، بە پشتبەستن بە دەقی قورئان، بە کۆمەکی گوتە و هەڵسوکەتی پەیامهێن و بۆچوونەکانی شافیعی، تێڕوانینی ئیسلامی سەبارەت بە ژن ڕوون کردبووەوە، نە سووکایەتی بە ئیسلام کردبوو، نە بەو مەبەستەیش هەڵوێستی ئیسلامی دەربارەی ژن شی کردبووەوە، بەڵکوو ئامانجی ئەوەبوو، پەردە لەسەر ڕووخساری دزێوی دێوی ئەو هەموو سووکایەتییە لا بدات کە لە سایەی ئیسلامدا بە ژن کراوە و دەکرێت.

## پەیامێکی خوێناوی

وەک چۆن ناتوانین، هیچ ماددەیەک لەناو ببەین، هەر وایش ناتوانین، ئەگەر هیچ کەرەسەیەکمان لەبەر دەستدا نەبێت، ماددەیەک بەرهەم بهێنین. لە ڕوانگەی ئەوانەوە بڕوایان بە غەیب هەیە، ئەوە تەنیا خوایە، بەبێ ئەوەی هیچی لەبەر دەستدا بووبێت، توانیویەتی گەردوون بخوڵقێنێت و دەیشتوانێت ئێسکوپرووسکی ڕزیوی مردووی هەزار ساڵە، زرپ و زیندوو بکاتەوە. لە سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوودا، جەمال عیرفان گوتبووی: (وەک چۆن سووتووەجگەرە نابێتەوە بە تووتن، مردوویش زیندوو نابێتەوە.) لەسەر ئەو گوتەیە، کە لەڕووی زانستییەوە دروستە، لەژێر چەتری دەسەڵاتی شێخ مەحموودا، تیرۆر کرا. وەک چۆن ئەو سەروەختە، سەرەتا (زانای ئایینی)، خوێنی جەمال عیرفانی

**هیچ باوەڕێك ئەو مافەی نییە، خۆی لەسەروو ڕەخنە و گومانەوە ببینێت، بەوەدا ئەوی ڕەخنەی لە ئیسلام گرتبێت، یان گومانی لێی هەبووبێت، لەبری ئەوەی ململانێی فیکریی لەگەڵدا کرابێت، دووچاری تۆقاندن، ڕاوەدوونان یان کوشتن بووەتەوە، بەهێزیی لۆگیکی ئەو ئایینە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە**

حەڵاڵ كرد و دواتر كوژرا، ساڵی 1985یش كۆششی (زانای ئایینی) ڕێگەی بۆ كوشتنی عەبدولخالیق مەعرووف تەخت و خۆش كرد.
ساڵانی شەستی سەدەی ڕابردووی سەردەمی ناسر، (موحەممەد شەلتووت)ی پێشنوێژی هەرەگەورەی مزگەوتی ئەزهەر فەتوای دا: (ڕێككەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا حەرامە)، كەچی ساڵانی حەفتای سەردەمی سادات، (موتەوەللی شەعراوی)ی وەزیری ئەوقافی میسر فەتوای دا: (ڕێككەوتن لەگەڵ ئیسرائیلدا حەڵاڵە[4]) بەشێك لە زانایانی ئایینی كوردیش، بە هەمان شێوە، دین وەك یەكێك لە دەزگا سەركوتكەرەكانی دەسەڵاتی سیاسی وەگەڕ دەخەن، بە چاوپۆشین لە سیستەمی فەرمانڕەوایی و ناسنامەی دەسەڵاتداران.
هیچ باوەڕێك ئەو مافەی نییە، خۆی لەسەروو ڕەخنە و گومانەوە ببینێت، بەوەدا ئەوی ڕەخنەی لە ئیسلام گرتبێت، یان گومانی لێی هەبووبێت، لەبری ئەوەی ململانێی فیكریی لەگەڵدا كرابێت، دووچاری تۆقاندن، ڕاوەدوونان یان كوشتن بووەتەوە، بەهێزیی لۆگیكی ئەو ئایینە دەكەوێتە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر زانایانی ئایین بڕوایان بە دینەكەیان پتەو بووایە و لە ڕاست و دروستییەكەی دڵنیا بوونایە، پەكیان لەسەر ئەرگومێنت و بەڵگە هێنانەوە نەدەكەوت، زەندەقیان لە ڕەخنە نەدەچوو، خوێنی ڕۆشنفیكرانیان حەڵاڵ نەدەكرد، بەڵكوو ڕێگەی دیالۆگیان هەڵدەبژارد.

ڕەخنە بەرهەمێكی تەجریدی نییە، كارێكی شۆڕشگێڕانەیە، ئەوی ڕەخنەی لە ئۆل نەبێت، ڕەخنەی لە هیچ شتێكی دیكە نییە. عەبدولخالیق مەعرووف وەك باكۆنین دەڵێت، دەیزانی (هەتا سەروەرمان لە ئاسمان هەبێت، لەسەر زەوی كۆیلە دەبین،) بۆیە وەك چۆن مەلەك تاوس بێجگە لە خوا كڕنووشی بۆ كەسی دی نەبرد، ئەویش بێجگە لە ڕاستی، ڕێزی لە هیچ دەسەڵاتێكی تر نەگرت. عەبدولخالیق مەعرووف پێی وابوو، ئەوانەی دەستیان لە پلە و پایەی بڵندی كۆمەڵایەتی گیر دەبێت، لەڕووی ئاكارەوە لە نشێودان، ئەوانەی بە سامان شاد دەبن، ویژدانیان لە كیس دەچێت و ئەوانەی یەخەی كراسیان هەمیشە خاوێنە، داوێنیان پۆخڵە.
عەبدولخالیق مەعرووف شارەزای لاپەڕە خوێناوییەكانی ئیسلام بوو، دەیزانی ئیسلام هەرگیز لە دەرەوەی بازنەی خۆی، بواری گوتوبێژی بە كەس نەداوە، ئەگەر لەنێو زانایانی سەر بە ئیسلامیشدا تاكوتەرایەك هەڵكەوتبن، بە چاوی ڕەخنەوە سەرنجی كەلەپووری ئیسلامیان دابێت، نەیانتوانیوە وەڵامی داخوازییەكانی سەردەمەكەیان بدەنەوە، موحەممەد عەبدە چونكە وەڵامی قایلكەری پێ نەبوو، بۆ دەمكوتكردنی نەیارانی ئیسلام، پەنای دەبردەوە بەر گوتەی موحەممەد: (ئەگەر بیر لە خالقیش ناكەنەوە، هیچ نەبێت بیر لە مەخلووقەكانی بكەنەوە.)
دەشێت لەنێو كوردەواریدا، زۆر كەسی دیكە هێندەی عەبدولخالیق مەعرووف و زیاتریش




مەعرووف لەم کتێبەدا دەست بۆ کۆمەڵێك بابەت دەبات، کە دواتر لەسەری تیرۆر دەکرێت

شارەزاییيان لە ئیسلامدا هەبوویێت، بەڵام هێشتا کورد کەسی وای تێدا هەڵنەکەوتووە، هێندەی ئەو بوێر و هێندەی ئەو بە ڕاشکاوی و قووڵی، هەڵوێستی ئیسلامی لەبارەی ژنەوە لێک دابێتەوە. زۆرینەی خەڵکی کوردستان بە بەشێک لە نووسەرانیشەوە، کە دەبینن ڕۆژانە سووکایەتی بە ژن دەکرێت، ئۆباڵەکەی دەخەنە ئەستۆی ئەم مەلا، یان ئەو زانای ئایینی، عەبدولخالیق مەعرووف هەوڵی داوە ئەو هەڵە باوە، ڕاست بکاتەوە و سەرنجی خەڵکی بۆ ئەوە ڕابکێشێت، ئەوە ئیسلامە سووک سەرنجی ژن دەدات، نەک ئەم مەلا یان ئەو ئاخوند، ئەویشی ڕەخنەی هەیە، با یەخەی پیاوانی دینی نەگرێت، با ئاراستەی دەقی قورئان و گوتە و هەڵسوکەوتی پەیامهێنی بکات. پەیامی سەرەکیی کتێبەکەی عەبدولخالیق مەعرووف بریتییە لەوەی: هەر کەسێک هەڵوێستی پیاوانی ئایین بە چەوت و ناڕەوا دەزانێت، با ڕەخنە لە ئیسلام بگرێت، نەک لە ئەو مەلایانەی بە موو لەو ڕێیە لایان نەداوە کە دینەکەیان بەهۆی دەقی قورئان و گوتەی پەیامهێنەوە نەخشەی کێشاوە. ئەوی دژی مارەبڕینی منداڵی سەر بێشکە، فرەژنی و ژنی سەفەرییە، با ئیسلام تۆمەتبار بکات، نەک مەلا و ئاخوند. سووک سەرنجدانی ژن، لە دەقی قورئان و گوتار و ڕەوتاری پەیامهێنەوە سەرچاوەی گرتووە، نەک لە لێکدانەوە و هەڵسوکەوتی پیاوانی ئایینەوە. ئەوانەی لە دونیای ئیسلامدا، سووکایەتی بە ئینسان بە گشتی و بە ژن بە تایبەتی دەکەن، موسوڵمانی ڕاستەقینەن و بەوپەڕی هۆشیاری و دەستپاکییەوە، ناوەڕۆکی دەقە پیرۆزەکان و فەرمانی خوا و پەیامهێن جێبەجێ دەکەن. ئەوی هەڵسوکەوتی دەسەڵاتدارانی هاوچەرخی ئیسلام پەسەند ناکات، ئەوە دەدانی پێدا بنێت، یان نا، پێ بزانێت، یان نا، ئیسلام ڕەت دەکاتەوە. ئەوە کرۆکی نامە بە خوێن نووسراوەکەی عەبدولخالیق مەعرووف بوو.

***29ی 4ی 1997***

**پەراوێزەکان:**

(1) كنعان مكية، القسوة والصمت، الطبعة الأولى، ص151 دار الساقي 1994 لندن.

(2) عەبدولخالیق مەعرووف، ئادەمزاد لە کۆمەڵی کوردەوارید، دار الجاحظ 1985 بغداد. ئەم کتێبانەیشی بڵاو کردوونەوە: (*) ئەنتێنا، چاپخانەی کوردستان 1977 هەولێر. (**) تەکنیککار، چاپخانەی بابل 1981 بەغداد. (***) دیوانی نالی و کێ ڕاستە؟ چاپخانەی المؤسسة العراقية للدعاية والطباعة 1984 بغداد.

(3) عەبدولوەهاب بەیاتی.

(4) مجموعة من الكتاب، ألإبداع من نوافذ جهنم، العنف ألأصولي، ص 18 و 19 رياض الريس للنشر1995 لندن.